

# وەزارەتی رۆشنبیری رێز لە هونەرمەندی گەل (حەمە جەزا) دەنێت

ئامادەکردنی: رۆژگار فازل

وێنە: فازل فەرامۆش

هونەرمەندی گەورە و پێشمەرگەی دێرین (حەمە جەزا) شایەنی ئەو فیستڤاڵە قەشەنگ و گەورەیە بوو کە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی بەڕێز (فەلەکەدین کاکەیی) وەزیری رۆشنبیری و خانمی یەکەمی عێراق (هێرۆ خان) و بەڕێز (نەوزاد هادی) پارێزگاری هەولێر و بەڕێز (فازل میرانی) سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەڕێز (پشتیوان سادق) بەرپرسی لقی دووی پارتی و چەندینی دیکە لە بەرپرسانی حزبی و حکومی و زۆربەی زۆری هونەرمەندانی شارەکانی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵکی زۆر لە عاشقان و هەوادارانی دەنگی هونەرمەند.

سەرەتای دستپێکرنی فیستیڤاڵەکە بە دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان هونەرمەندانی کۆچکردوو دەستی پێکرد، دوواتر گەشتێکی موزیکی بەنێو گۆرانییە رەسەنەکانی هونەرمەند حەمە جەزا، لە لایەن گرووپی موزیکی رەسەن بە سەرپەرشتی هونەرمەند شێرزاد سەرسپی کرا.

دوای ئەمە بەڕێز (فەلەکەدین کاکەیی) وەزیری رۆرشنبیری وتارێکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد، کە تیایدا باسی لە ئازایەتی و چاونەترسی هونەرمەند کرد کە چۆن لە کاتێکی ترسناکدا گۆرانی بۆ پێشمەرگەو کوردو کوردستان گوتووە، وە هیوایی خواست کە ساڵانە چەندین فیستیڤاڵی ئاوا گەورە بۆ هونەرمەندان سازبکرێت و رێزیان لێبگیرێت.

بەڕێز (عەبدوڵلا مخموری) دۆستی دێرینی هونەرمەند چەند یادەووەریەکی خۆی لەگەڵ هونەرمەند بۆ ئامادەبووان گێڕایەوە و لە کۆتایی





قسەکانیشیدا سوپاسی وەزارەتی رۆشنبیری کرد بۆ ئەنجامدانی ئەم فیستیڤاڵە قەشەنگە و سوپاسی هەریەک لە بەڕێزان (شێرزاد عەبدولڕەحمان و شێرزاد سەرسپی) کرد بۆ پێشنیارکردنی فیستیڤاڵەکە.

دواتر کورتە باسێک دەربارەی گۆرانی و سرودە نیشتیمانییەکانی هونەرمەند حەمە جەزا لەلایەن (عبدلواحید ئیدریس) پێشکەش کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی فیستیڤاڵەکەدا بەڕێز (وشیار ئەحمەد) وتارێکی پێشکەشکردو بەناوی تیپی مۆسیقای سلێمانییەوە هیوایی ساغ و سەلامەتی بۆ هونەرمەند خواست.

دواتر هونەرمەندی موزیکژەن (ئاماج غازی) هەڵسەنگاندنێکی بۆ دەنگی هونەرمەد کرد و بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە شیکردەوە.

لەمیانی فیستڤاڵەکەدا هونەرمەند (یاسین قادر

بەرزنجی) بابەتێکی دەربارەی کارە هونەرییەکانی هونەرمەند پێشکەشکرد.

لە کۆتایی فیستیڤاڵەکەدا دەستکرا بە رێورەسمی رێزلێنان لە هونەمەند (حەمە جەزا) بەخشینی میدالیای ئاڵتوونی دیاری وەزارەتی رۆشنبیری کە لەلایەن خانمی یەکەمی عێراق هێرۆ خان پێشکەش بە هونەمەند کرا، دواتر هەریەکە لە هونەرمەندان و دۆستان و پەیمانگاکانی هونەرەجوانەکان و بنکەکانی موزیک و دەزگاکانی راگەیاندن و سەنتەرەکانی هونەری دیاری و چەپکە گوڵیان پێشکەش بە هونەرمەندی رێزلێگیراو کرد.

لەم بارەیەوە بەرێز (فەلەکەدین کاکەی) وەزیری رۆشنبیری سەبارەت بە فیستیڤاڵەکە بەم شێوەیە بۆ گۆڤارەکەمان هاتە ئاخاوتن و گوتی: ئەنجامدانی ئەم جۆرە فیستیڤاڵە و رێزگرتن لە هونەرمەندان ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیرییە و ئەمە یەکەمین جارنییە کە وەزارەتی رۆشنبیری فیستیڤاڵی لەم جۆرە ئەنجامبدات، بۆ چەندین هونەرمەندو نووسەری دیکەش ئەم جۆرە رێزلێنانەمان ئەنجامداوە، بەڵام ئەمە یەکەمین هونەرمەندە کە بەم ئاستە بایەخی پێدراوەو ئامادەکارییەکی باشی بۆ کراوەو خەڵکانێکی زۆر ئامادە بوون، جەگە لەمەش حەمە جەزا خۆی هونەرمەندێکە لە رووی هونەرییەوە بە ئەزموون و بەرزە و لە رووی سیاسی و خەبات و کۆمەڵایەتی و کلتووریشەوە جێگەی پەنجی دیارە، وە لە بەرنامەی وەزارەتیش چەند ناوێکی دیکەی هونەرمەند هەیە کە فیستیڤاڵی رێز لێگیرانی بۆ بکرێت، بەشێوەیەکی گشتی فیستیڤاڵی ئەم جارە لە رووی ئامادە کارییەوە بەشێوەیەکی زۆر رێکو پێک بەرێوەچوو.

هەر سەبارەت بە فیستیڤاڵەکە هونەرمەندی ناوداری شاری سلێمانی (عەبدولی حەمە جوان) تایبەت بە گۆڤارەکەمانی گوتی:

پێشەکی من سوپاسی وەزارەتی رۆشنبیری دەکەم ئەمە هەنگاوێکی چاکە کە بۆ هونەرمەندان ناویانە، گریگی ئەم رێزلێنانەش تەنها بەخشینی خەڵاتەکەو میدالیایەکە نییە بەڵکو بەسەرکردنەوەی هونەرمەند خۆی لە خۆیدا مانایەکی گەورەی هەیەو رێزلێنانێکی گەورەیە، رێزلێنان لە هونەرمەند حەمە جەزا مانای رێزلێنانە لە پێشمەرگە، رێزلێنانە لە شورشگێر رێزلێنانە لە دەنگە خۆشەکەی رێزلێنانە لە هەڵوێستە جوانەکانی، وە من دەڵێم هونەرمەند و ئەدیب تا خۆی لە ژیانا مابێت رێزی لێبگیرێت نەوەک کە کۆچی دوایی کرد ئەوکاتە رێزی لێبگیرێت ئەم فیستیڤاڵە رێزلێنانە گرنگەی کە بۆی سازدەکرێت بەچاوی خۆی نەبینێت.

دواتر بەرێز هونەرمەند (شێرزاد سەرسپی) سەرپەرشتیاری فیستڤاڵە کە سەبارەت بە فیستیڤاڵەکە بەم شێوەیە هاتە ئاخاوتن: سەرەتا بیرۆکەی ئەم فیستیڤاڵە رێزلێنانە بۆ هونەرمەندی گەورە حەمە جەزا بۆ من و کاک شێرزاد عبدولرەحمان دەگەرێتەوە کە پێشنیاری وەزیرمان کردو ئەمیش زۆر بە خۆشحاڵییەوە پێشنیارەکەی قەبووڵکردین، هونەرمەند حەمە جەزا شایەنی زۆر لەمە زیاترە، چونکە ئەو نەک تەها هونەرمەند بەڵکو پێشمەرگەیەکی دێرین و ئازاو چاونەترس بوو، وە لە رووی گۆرانی گوتندا توانیویەتی ستایلی دەنگی خۆی بدۆزێتەوەو لە رێگەی سروودو گۆرانییەکانی توانی کە هاندەرێکی باشی پێشمەرگەو شۆرشەکانی گەلەکەی بێت بەرامبەر بە دوژمن، لەکۆتایشدا هیوایی ساغ و سەلامەتی بۆ هونەرمەند دەخوازم و هیوادارم بەزوترین کات چاکببێتەوە و بگەرێتەوە نێو بواری هونەری و درێژە بەکاروانی هونەری خۆی بدات.

هەر بەم بۆنەیەوە هونەرمەند (ئەنوەر قەرەداغی) بەم شێوەیە بۆمان هاتە دووان: سازدانی ئەم جۆرە فیستیڤاڵانە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لە ناخی هونەرمەندان، هەڵبەتە بیرکردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیری بۆ سازدانی فیستیڤاڵێکی ئاوا گەورە هەنگاوێکی زۆر پیرۆزە من لێرەدا کە دایشتبووم لەم هۆڵە هەستم بە بوونی خۆم دەکرد لە ناخی هونەرمەند حەمە جەزا، هونەرمەند حەمە جەزا شایەنی زۆر لەوە زیاترە، چونکە مێژوویەکی ئەوەندە پاک و جوانی هەیە کە لەناو ویژدانی میلەتەکەیدا ماوەتەوە، لێرەوە من پیرۆزباییەکی گەرمی ئاراستە دەکەم وە پێش ئەوەی پیرۆژبایی لەو بکەم پیرۆزبای لە خۆم دەکەم، چونکە وادەزانم کە ئەم خەلاتەی ئەو وەریگرتووە من وەرمگرتووە، وە رێزلێنان لە هونەرمەندان هەنگاوێکی زۆر شارستانی و پیرۆزە کە وەزارەتی رۆشنبیری ناویەتی، هیوادارم لە ساڵانی داهاتوودا لە کابینەی نوێدا پرۆسەیەکی وا هەبێت کە ساڵانە کۆمەڵە هونەرمەندێک رێزیان لێبگیرێت و فیستیڤاڵی گەورەیان بۆ سازبکرێت.



عەبدولی حەمە جوان



شێرزاد سەرسپی



ئەنوەر قەرەداغی

